یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشەی کوشتارگەکانی ئاژەڵان لە گەرمیان

تشرینی دووەمی 2023

## بەشی یەکەم: بەشی یەکەم: کاری کوشتارگەکان و کێشەکانیان

### ١. کوشتارگەکانی گەرمیان چۆن کاردەکەن؟

لە سنوری گەرمیان ٤ کوشتارگە هەیە کە بە بەردەوامی لە کاردان، ئەوانیش کوشتارگەی قەزای کەلار و قەزای کفری و ناحیەی رزگاری و ناحیەی باوەنور، ئەم کوشتارگانە بە ٢ شێواز کاردەکەن، شێوازێکی کلاسیکە کە لە کوشتارگەکانی کفری و رزگاری و باوەنور جێبەجێ دەکرێت، ئەم شێوازە کارکردنی شێوازە کۆنەکەیە کە هەر کەس و ئاژەڵێکی هەبێت دەهێنرێت و سەر دەبڕدرێت و گۆشتەکەیان دەرهێناوە و دایان ناوە و بردویانەتەوە، بەڵام شێوازی دوەم هاوچەرخە، ئەم شێوازە کارکردنە تەنها لە کوشتارگەی کەلار جێبەجێ دەکرێت، ئەم شێوازە جیاوازە، بە جۆرێک لە جێگەی یەکەم ئاژەڵەکە سەر ئەبڕدرێت، لە جێگەی دوەم پێستەکەی لێدەکرێتەوە لە جێگەی سێیەم ناوسکەکەی دەرئەهێنرێت و لە جێگەی چوارەم گۆشتەکە پاک ئەکرێتەوە و ئەشۆردرێتەوە و لە خاڵێک دائەنرێت تاوەکو وشک دەبێتەوە دواتر پشکنینی بۆ دەکرێت و مۆر دەکرێت و دەخرێتە بەڕادەوە بۆ ماوەی زیاتر لە ٤ کاتژمێر دواتر دەنێردرێت بۆ بازاڕ.

هاوکات کوشتارگەی کەلار راستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ گۆشتفرۆشەکان نیە، بەڵکو ئاژەڵەکان لەوێ بەجێدەهێڵرێت و بەڵێندەری کوشتارگەکە هەمو شتێک دەکەن و بە بەڕاد بۆیان دەنێرێتەوە، بەڵام کوشتارگەکانی دیکە راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ گۆشتفرۆشەکان دەکەن، بە جۆرێک خۆیان دەیهێنن و دەشیبەنەوە بە ئۆتۆمبێلی خۆیان.

کوشتارگەکان بەپێی یاسای ژمارە ٢ ی ساڵی ١٩٧٢ی عێراقی رێکخراون.

ئاماری دوکانەکانی گۆشتفرۆشی لە گەرمیان

| کەلار | کفری | باوەنور | رزگاریی | مەیدان | زینانە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٤ | ١٣ | ٧ | ٧ | ٥ | ٢ |

### ٢. ئەرک و کاری کوشتارگەکان

رۆژانە لە سنوری گەرمیان گۆشتفرۆشەکان لە کوشتارگەکان ئاژەڵەکانیان سەر دەبڕن و پشکنینی بۆ دەکرێت لەلایەن پزیشکی ڤێتەرنەریەوە، دواتر دەهێنرێتەوە سەنتەری قەزا و ناحیەکان و ساخ دەکرێتەوە.

هیوا محەمەد وەلی، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی سەید خالد لە قەزای کەلار، هێمای بۆ ئەوەکرد: لە کوشتارگەدا بۆ سەربڕینی ئاژەڵی بچوک ٦ هەزار و بۆ ئاژەڵی گەورە ٣٠ هەزارم لێوەردەگیرێت.

سامان حەسەن ساڵح، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی سامان لە قەزای کەلار وتیشی: مانگانە ٢٠٠ سەر ئاژەڵ سەر ئەبڕم و هەرچەند سەر ببڕی نرخی هەقدەستی کوشتارگەکە جێگیرن.

هاوکات، قاسم ئەحمەد یارە، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی وڵات لە قەزای کفری باسی لەوەکرد: بۆ ئاژەڵی بچوک ٢ هەزار و بۆ گەورەش پێشتر ٥ هەزار بو ئێستا نازانم، چونکە من ئیش لە ئاژەڵی گەورە ناکەم وەک گوێرەکە.

«لە کوشتارگەی باوەنور بۆ ئاژەڵی بچوک ٢ هەزار دینار و بۆ ئاژەڵی گەورەش ٦ هەزار دینار وەردەگیرێت»، کۆچەر تۆفیق محەمەد، خاوەنی دوکانی گشت فرۆشی ئالان لە ناحیەی باوەنور وا دەڵێت.

عەلی والی عەلی، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی بێستون لە ناحیەی رزگاری وتی: بۆ ئێمە ئاژەڵی بچوک ١ هەزار و ئاژەڵی گەورەش ٥ هەزار وەرئەگیرێت، بەڵام بە رۆژا نرخی سەربڕینی ئاژەڵی بچوک ٢ هەزارە.

بەڵێندەری کوشتارگەی کەلار و کفریش جەخت لەوە دەکەنەوە ئەو نرخانەی کە دانراوە بۆیان لەبەرامبەر هەر سەربڕینێک پێوەی پابەندن، ئەگەرچی وەک خۆیان دەڵێن لە زەرەردان.

سامان محەمەد سەعید، بەڵێندەری کوشتارگەی کەلار، دەڵێت: ئاژەڵی بچوک بە ٦ هەزار سەر ئەبڕدرێت و ئاژەڵی گەورەش بە ٣٠ هەزار، لە کاتێکدا ئاژەڵەکان پاک ئەکرێن و دەشۆردرێنەوە و لەت ئەکرێن و ئەخرێنە بەڕادەوە و ئەبرێنەوە بۆ دوکانی گۆشت فرۆشەکان، کەچی دەڵێن زۆرە، ئەگەر لە ناو شارا کەسێک سەری ببڕێت بە ٥٠ هەزار نایکەن.

وتیشی: بۆ ئێمە مانگانە ١٠٠ گوێرەکەش سەر نابڕدرێت لە ئێستادا ئەمەش بۆ من زەرە، هاوکات لەو ٣٠ هەزارەش ٢ هەزاری بۆ پێستەکەیەتی ٢٨ هەزار بۆ من دەگەڕێتەوە.

لە بارەی ئەوەی نرخی سەربڕینی ئاژەڵەکان چۆن دیاریکراوە، د. عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت: لە رێگەی لیژنەی خەملاندنەوە لە ئیدارەی گەرمیان یەکلاکراوەتەوە.

### ئاماری سەربڕینی ئاژەڵ لە گەرمیان

| ساڵ | مەڕ | بزن | ڕەشەوڵاخ | گۆشت بە تەن |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٢٠ | ٣٥١٢٦ | ١١٢٩٩ | ٢٦٢٠ | ١٧٥٨ |
| ٢٠٢١ | ٤٤٠٣٠ | ١٢٨٨٥ | ٢٤٢٤ | ١٩٣٦ |
| ٢٠٢٢ | ٥٠٤٨٠ | ١٢٦٩٨ | ٣٣١١ | ٢٣٤٢ |
| ٩ مانگی ٢٠٢٣ | ٢٣٠٢٠ | ٨٧٧١ | ١٨٣١ | ١٢٠٧ |

د. دلێر محەمەد ئەمین، لێپرسراوی هۆبەی کوشتارگەکان و تەندروستی گشتی لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت: چاودێری کوشتارگەکان دەکەین ڕۆژانە ڕاپۆرتمان بۆ دێت کە چۆن لە پێش سەربڕین و دوای سەربڕین پشکنیان کردوە بۆ ئەو ئاژەڵانە کە دەبرێنە ئەوێ و چۆن مۆری لێ ئەدرێت.
«ئەرکی ئێمە چاودێری گۆشت فرۆشەکان و پاکوخاوێنی و مۆڵەتەکانیان و تەندروستی گشتیە، هاوکات چاودێری کوشتارگەکان و ئەو ئاژەڵانەش کە سەر ئەبڕدرێن لە کوشتارگەکان، ئەمەش بە لیژنە دەکرێت». عامر عەدنان فەتحوڵڵا، لێپرسراوی پشکنین و بەدواداچونی بازاڕ لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان وای وت.
بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان لە سنورەکەدا نزیکەی ٦٠٠ هەزار سەر مەڕ و بزن هەیە لەگەڵ ١٠ هەزار سەر ڕەشەوڵاخ و گامێش.



کوشتارگەی کەلار

## ٣. کێشەی بینای کوشتارگەکان

یەکێـک لەو گرفتانەی کە روبەروی گۆشتفرۆشـان و ڤێتەرنەریش بوەتەوە، کۆنی بینای کوشـتارگەکانە جگە لە کوشتارگەی کەلار، کـە وەک خۆیان دەڵێن بینایەکی مودێرنی هەیە، ئەگەرچی هەمو مەرجە تەندروستیەکانی تێدا نیە.

سـامان حەسەن سالَح، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی سامان لە قەزای کەلار وتیشی: لە روی بیناوە گرفتمان نیە و تازەیە ئەوەی گرفتــە بەڵێندەرەکەیــە کە پاک و خاوێن نین و گۆشــتەکەمان بە پاکی بۆ نایەتەوە ئەگەرنا بیناکە تارادەیەک تازەیە و باشە.

لەبەرامبەردا کرێگرتەی هەندێک لە کوشتارگەکان باس لەوە دەکەن کە کوشتارگەمانیان نۆژەن کردوەتەوە و شیاوە بۆ بەکارهێنان.

سـامان محەمەد سەعید، بەڵێندەری کوشـتارگەی کەلار دەڵێت: «بینای کوشـتارگەکەم نۆژەن کردوەتــەوە و نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن دینــارم تێـدا خەرج کـردوە، بەجۆرێک چی تێدابـوە فرێم داوە و گۆڕیومە».

هاوکات، کۆچەر تۆفیق محەمەد، خاوەنی دوکانی گشـت فرۆشــی ئالان لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: کوشتارگەکە تارادەیەک گونجاوە لە روی بیناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زێرابی ناحیەکە بە تەنیشتیدا تێدەپەڕێت، بەڵام لە ناوەوە باشە و خاوێنە.

وتیشی: کوشتارگەکە لەلای ئێمە نەدراوە بە کرێ، بەڵکو خۆمان بەرێــوەی دەبەیــن و تەنها ســەربڕ لەوێوە پارەکــە وەردەگرێت و خۆشمان گۆشتەکە ئەهێنینە دەرەوە.

هاوکات، ئاسۆ حسێن حمەسالَح، لێپرسراوی کوشتارگەی ناحیەی باوەنور، وتی: بینایەکەی ئەگەر باســی مەرجە تەندروســتیەکانی کوالێتی بکەین وەک کوشتارگەیەکی نمونەی وەری بگرین ئەو بینا نمونەیە نیە و ئەو مەرجە تەندروستیەی تیا نیە کە باس دەکرێت کــە لە گەرمیان بەو شـێوەیە هەمو کوشــتارگەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش گونجاوە بۆ بەکارهێنان و بینایەکی باش و خاوێنە.

«کوشــتارگەی ناحیەی رزگاری تا بڵێی خراپە بە تایبەت لە روی پاکوخاوێنیــەوە و داری گۆشــت وردکردنەکــەی تا بڵێی پیســە، لەگەڵ ئەوەشــدا کــە کارەبای نیشــتیمان دەپچڕێـت مۆلیدە کار پێناکەن بە شــەوڕ نەبێـت». عەلی والی عەلــی، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی بێستون لە ناحیەی رزگاری وتی.

باسی لەوەشکرد: لە روی بیناوە خراپ نیە و باشە.

لــە وەڵامــدا، ئیدریس ئەمین محەمــەد، بەڵێندەری کوشــتارگەی ناحیەی رزگاری بە وەکالەت، وتی: لە ماوەکانی پێشوتر هەندێک گرفتمان هەبوە لە کارپێکردنی مۆلیدە، پاکوخاوێنیش شــوێنێکی بچوک نیە تاوەکو بەردەوام خاوێن بێت، چونکە ئەو هاوڵاتیانەی دێنــە ئەوێ ناوەســتن لــە کاتێکـدا کامێرامان دانـاوە و دەتوانن ئاژەڵەکــەی خۆیــان ببینن کە ســەری دەبڕن کە چــی بەوە رازی نابــن، هــاوکات ســەربڕەکانیش کارمەنــدی ئێمە نیــن و بۆ ئێمە ئیـش ناکــەن و گرنگی بە پاک و خاوێنی شــوێنەکە نادەن لە ناو خانەکانەوە بە پێڵاوی پیســەوە دێن و گرفتیان نیە، پابەند نابن بە رێنماییەکانی ئێمەوە.

وتیشــی: لە ماوەکانی پێشـتر ئەم گرفتانە هەبون لە ئێسـتادا لە ٪٨٠مان چارەسەر کردوە.

هــاوکات، ســۆران خەلیــل، لێپرســراوی کوشــتارگەی ناحیــەی رزگاری، دەڵێت: راســتە کوشــتارگەکە مودێرن و ستاندارد نیە و لە خوار هاوچەرخەوەیە، بەڵام باشــە و لایەنی تەندروســتی تێدا جێبەجێکراوە و پاکوخاوێنە.

قاسـم ئەحمەد یـارە، خاوەنی دوکانی گۆشـت فرۆشــی وڵات لە قەزای کفری باســی لەوەکرد: کوشـتارگەکە لە روی بیناوە خراپ نیـە، بــەڵام مۆدێرنیش نیە، خۆشـمان هەر یەکەمان و ســەربڕی خۆمان هەیە گۆشتەکەمان ئەیبەین و ئەیهێنینەوە.

لەبەرامبــەردا، ئەحمەد عەباس محەمەد، بەڵێندەری کوشــتارگەی کفری باس لەوە دەکات: بینایەکەی ئێمە زۆر کۆنە و نۆژەنکردنەوەم تێـدا ئەنجـام داوە، ئەو کەموکورتیانەی کــە هەیبو هەمویم چاک کردوە.

بەرپرســانی ڤێتەرنەری جەخت لەوەدەکەنەوە ئەو کوشــتارگانەی کــە لە گەرمیان هەیە لە روی کوالێتی بیناوە تەندروسـت نین بۆ بەکارهێنان.

د. دلێــر محەمــەد ئەمیــن، لێپرســراوی هۆبــەی کوشــتارگەکان و تەندروســتی گشــتی لــە بەڕێوبەرایەتــی ڤێتەرنــەری گەرمیان دەڵێت: بینای کوشــتارگەکان لــە روی کوالێتیەوە تەواوی مەرجە تەندروستیەکانی تێدا نیە، چونکە کۆنن و مۆدێرن نین، ساڵانەش لەلایەن وەزارەتمانەوە داوامان لێدەکرێت کە چ کوشــتارگەیەکمان خراپە و ئێمەش پێیان دەڵێین.

باسی لەوەشکرد: وەک ڤێتەرنەری لە هیچ یەکێک لە کوشتارگەکان رازی نین بەتایبەت ئەوەی ناحیەی رزگاری و باوەنور، داواشــمان لە ئیدارەی گەرمیان کردوە هیچیان بۆ نەکردوین.

بەڕێوبــەری ڤێتەرنــەری گەرمیانیــش جەخت لــەوە دەکاتەوە کە بینای کوشــتارگەکان هیــچ مەرجێکی تەندروســتیان تێدا نیە لە روی بیناوە.

د. عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت: هەمو کوشتارگەکان لە روی بینا و تەندروستیەوە خراپن و کەمترین مەرجی تەندروســتی تیایــە، بەتایبەت ئەوانەی کفری و باوەنــور و رزگاری کــە تەنهــا هۆڵێکــە و ناونراوە کوشــتارگە، لــە کاتێکدا دەبێــت بینایەکی هاوچەرخت هەبێـت و مەرجەکانی سیســتەمی کوشــتارگەی تێدابێـت، تەنهـا ئەوەی کــەلار نەبێت هەندێک لە مەرجەکانی سیستەمی کوشتارگەی هاوچەرخی تیایە، ئەگەر نا ئەوەکانی کە هەموی خراپن.

وتیشی: هەندێکجار نۆژەنکردنەوە دەکرێت، بەڵام گۆڕینی کاشیەک و بۆیەکردنێـک بەڕاســتی ئەمە نۆژەنکردنەوە نیە و لە خواســتی ئێمەدا نیە.

## ٤. گۆشتفرۆشەکان: بەشەکانی تری ئاژەڵەکەمان پێنادرێت جگە لە گۆشتەکەی

سامان حەسەنساڵح، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی سامان لە قەزای کەلار وتیشی: «ئێمە بۆ ماوەی ٤ ساڵە گەورەترین کێشەمان هەیە لەگەڵ کرێگرتەی کوشتارگەکە کە شارەوانی پێی داوە، چونکە ناچاری کردوین سەروپێ لەلای خۆیان پاک بکەین و ٥ هەزارمان لێوەردەگرێت کە خاوێنیش پاکی ناکات، هاوکات پێستەکەمان بە ٢٥٠ دینار لێوەردەگرێت، کەچی خەڵک هەیە جوتی بە ٥ هەزار دینار دەکڕێت، نایەڵن و ریخۆڵە و وردەچەوەری و تەنانەت گوشتیش بە پێستەکەوە بە جێ ئەهێڵن بە مەبەست دواتر شاگردەکان بۆخۆیانی دەبەن».

دەشڵێت: گۆشتمان بە پیسی دێتەوە و هەمو گۆشتفرۆشەکانیش ئیمزامان کۆکردوەتەوە کە بەو شێوەیە لایەنە پەیوەندیدارەکان باوەڕ بە قسەکانمان ناهێنن، لەگەڵ بەڵێندەرەکەش قسەمان کردوە هەمان شێوەیە، ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی ئەو گرێبەستەی کە کراوە لەگەڵ شارەوانی بۆیان نیە ئەو شتانەی کە هی خۆمانە بیبەن و ناچارمان بکەن.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ناچار ئەبین نرخەکان لەسەر هاوڵاتیان گران بکەین، چونکە من مانگی وا هەیە زیاتر لە ٢ ملیۆن دینارم بەس لە کوشتارگە ئەڕوات.

بەهەمان شێوە، هیوا محەمەد وەلی، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی سەید خالد لە قەزای کەلار، جەختی لە قسەی هاوکارەکەی کردەوە و ئەوەی سەربارکرد کە «هاوکات گۆشتەکەمان بە پاکی بۆ نایەتەوە».

دەشڵێت: دو ساڵە ئەم کێشەیەمان هەیە و چەندین جار ئەمەمان بە ڤێتەرنەری و شارەوانی کەلار وتوە تاوەکو ئێستا بۆمان چارەسەر نەکراوە.

بەڵێندەری کوشتارگەی کەلار دەڵێت بە نوسراوی ڤێتەرنەری گەرمیان کە بۆم هاتوە رایدەگەینن رێگە نەدرێت سەروپێ بە پیسی بێتەوە ناو شار.

سامان محەمەد سەعید، بەڵێندەری کوشتارگەی کەلار دەڵێت: بە نوسراوی ڤێتەرنەری گەرمیان کە بۆم هاتوە رێگە نەدەین سەروپێ بە پیسی بێتەوە ناو شار و لە بەرامبەر پاکردنی بڕی ٥ هەزار دینار وەرئەگرین بۆ ئەو کەسانەی لەوێ کاردەکەن کە ٣ کەسن، شتی وانیە دەڵێن بە ناچارییە بەڵکو پاک دەکرێت و بە بەڕادیش بۆیان دەبرێتەوە دوکانەکان، هاوکات پێستە بە ٢ هەزار هەڵئەگرمەوە و ریخۆڵە بە ٢٥٠ دینار، کە ئەمەش لە ژێرچاودێری شارەوانی و ڤێتەرنەری دەیکەم و پزیشکی ڤێتەرنەری لەوێیە.

وتیشی: ئەوەی کە باس دەکرێت گۆشت بە ناخاوێنی دێتەوە بەڵگە چیە بۆ ئەوە کە بەو شێوەیە، چونکە ٣ پزشکی ڤێتەرنەری لەوێیە ئەرکی سەرپەرشتی کردن و پشکنین لە ئەستۆی ئەوانە ئەگەر پیس بێت چۆن بەسەریانا تێپەڕیوە، تەنانە هەر شتێک لەوێ دیاری بکرێت کە شیاو نەبێت فڕێ بدرێت تۆمار دەکرێت و لەناو دەبرێت.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەی باسی ئەوە بۆ ناکەن رۆژانە بەلای کەمەوە ٧٠ سەر ئاژەڵ بە قاچاخ سەر ئەبڕدرێت بەبێ ئەوەی پشکنینی بۆبکەن و هیچ مەرجێکی تەندروستی تیا نیە، لەکاتێکدا لەلای ئێمە بە تەواوی مەرجە تەندروستیەکانەوە دەبرێتەوە بۆ دوکان.

لە وەڵامدا، د. عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت: بەپێی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٧٢ی عێراقی کوشتارگەکان کاردەکەن، بەجۆرێک ئەو بەروبومانەی کە شیاوە بۆ خواردن موڵکی گۆشتفرۆشە، بەڵام ئەوەی شیاو نیە موڵکی بەڵێندەرە، بەڵام لەبەرامبەردا بڕیک پارە بدات بە گۆشتفرۆشەکە، بۆنمونە وەک پێستەکەی یان ریخۆڵەکەی، بەڵام ئەگەر ئەو بەشە پارە نەکات ئەوە بەڵێندەرەکە بەرپرسیارە لەوەی کە لەناوی ببات و ژینگەکە بپارێزێت.

باسی لەوەشکرد: ئەو بەشەشی کە بەکەڵک دێت ئەوە بەڵێندەر ئامادەیی دەکات بۆ نمونە ریخۆڵەکان زۆر ئەکرێت و لە بەڕاد هەڵئەگیرێت و دواتر دەفرۆشرێتەوە، لە کاتێکدا ئەو ریخۆڵانە پیسترین بەشی ئاژەڵەکەیە ئەگەر بە تەندروستی چاک نەکرێت ئەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی نەخۆشی، هاوکات نابێت فڕێ بدرێتە ناو سەتڵی خۆڵەوە، چونکە زیانی هەیە.

لە بەرامبەردا، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کەلار باس لەوە دەکات: «خاوەن گۆشت فرۆشەکان ناچارنین کە سەروپێیان یاخود پێستەیان یاخود ریخۆڵەی ئاژەڵەکانیان بدەن بە کرێگرتەی کوشتارگەکە، چونکە لە گرێبەستەکەدا ئەوە نەهاتوە، بەڵکو خۆیان سەرپشکن کە چی لێدەکەن و دەیدەن بە کێ».

وتیشی: تەواوی گۆشت فرۆشەکانی کەلار دەتوانن داواکارییەک بهێنن کە نایانەوێ ئەو کەرستانەی کە هی خۆیانە بیدەن بە بەڵێندەری کوشتارگەکە، هیچیش ناچار نین بیدەن بە ئەو.

دەشڵێت: بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانن لە رێگەی یەکەی ئیدارییەوە سکاڵا تۆماربکەن کە ناچاریان دەکەن بەو شێوەیە بێت بۆ ئەوەی رێکار بگرینە بەر بەرامبەریان.

«لەلای ئێمەش هەمان کێشەی قەزای کەلارمان هەیە کە لە کوشتارگە ریخۆڵەکانمان نادەنەوە بە پارە نەبێت لەگەڵ پێستەکان، ئەم گرفتەشمان گەیاندوە بە ڤێتەرنەری هیچیان نەکردوە». عەلی والی عەلی، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی بێستون لە ناحیەی رزگاری وتی.

دۆخەکە لە قەزای کفری و ناحیەی باوەنور جیاوازە وەک خاوەنی گۆشتفرۆشەکان خۆیان دەڵێن ئەوان ئەو گرفتەیان نیە کە لە قەزای کەلار هەیە.

کۆچەر تۆفیق محەمەد، خاوەنی دوکانی گشت فرۆشی ئالان لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: لەلای ئێمە بەو جۆرە نیە کە لە کەلار باسی لێوەدەکرێت کە سەروپێ و پێستە و ریخۆڵە دەبرێت، ئێمە هەموی بۆ خۆمانە و دەیبەینەوە.




## ٥. گرفتی نەبونی ساردکەرەوە «بەڕاد»

جگە لە کەلار، کوشتارگەکانی دیکە ساردکەرەوە «بەڕاد»یان نییە بۆ هەڵگرتنی گۆشتی ئاژەڵە سەربڕاوەکە لە کوشتارگەکەوە بۆ دوکانی گۆشت فرۆشەکە، بەڵکو وەکو گۆشت فرۆشەکان ئاماژەیان پێدا، «خۆمان گۆشتەکانمان دەبەینەوە بۆ دوکانەکانمان».
ئاسۆ حسێن حمەساڵح، لێپرسراوی کوشتارگەی ناحیەی باوەنور وتی: کوشتارگەی باوەنور بەڕادی نیە لە کاتێکدا دەبێت بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر ئەو گۆشتە هەڵبگیرێت بەپێی ستاندارد دواتر بدرێتەوە بە گۆشت فرۆش، بۆ گواستنەوەکەشی هەر بەڕادمان نیە و هەر گۆشت فرۆشەکان خۆیان دەیبەنەوە و هەر خۆشیان سەری دەبڕن.
هاوکات، عامر عەدنان فەتحولا، لێپرسراوی پشکنین و بەدواداچونی بازاڕ لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان وتی: لە نێو کوشتارگەکان پزیشکی ڤێتەرنەری هەیە و چاودێری ئەو ئاژەڵانە دەکەن لە پێش سەربڕین و دوای سەربڕینیش، ئەو گۆشتەی کە مۆری لێدەدرێت لەلایەن ئەوانەوە لە ٤ کاتژمێر بۆ ٢٤ کاتژمێر دەکرێت لە بەڕادا بمیێنێتەوە، چونکە بەپێی ستاندارد لە روی تەندروستیەوە دەبێت بەوشێوەیە بێت، هاوکات لەو ماوەیەدا ترشێک دەرئەدات ئەو گۆشتە ئەرگەر نمرە ٦ بێت ئەوە دەبێتە هۆی لە ناوبردنی ئەو ڤایرۆسانەی کە هەیە لە گۆشتەکەدا، ئەمەش زیاتر لە کاتی نەخۆشی تای خوێنبەربون رەچاو دەکرا.
هاوکات، ئەحمەد عەباس محەمەد، بەڵێندەری کوشتارگەی کفری باس لەوە دەکات: وەک کوشتارگەی کفری بەڕادمان نیە بۆ گواستنەوەی گۆشتەکان و هەڵگرتنی ئەو گۆشتە بۆ ماوەی ٤ کاتژمێر، لەهەوڵدام بۆی دابین بکەم، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان وەک شارەوانی و ڤێتەرنەری هاوکار نین، ئەمەش پارەی ئەوێت. بەڵام لە قەزای کەلاریش ئەگەرچی بەڕاد هەیە، بەڵام گۆشتفرۆشەکان تێبینییان لەسەر هەیە.

سامان حەسەن ساڵح، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی سامان لە قەزای کەلار وتی: ئێمە بەڕادمان هەیە، بەڵام یەک بەڕاد کافی نیە بۆ ئێمە جاری وا هەیە بە ٤ سەعات گۆشتەکەمان بۆ نایەتەوە.
هیوا محەمەد وەلی، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی سەید خالد لە قەزای کەلار جەختی لەم کێشەیە کردەوە و وتیشی: داوامان کردوە بدرێت بە تەندەرینی و کەسێکی باشتر بێت و گۆشتەکەمان بۆ بهێنێتەوە، بەڵام قبوڵ نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوماڵەی ئێمە لەوێ زەمانەتی نیە کە وەک خۆی بێتەوە بۆمان.
بەپێچەوانەوە، فەرهاد عەبدوڵڵا، لێپرسراوی کوشتارگەی کەلار هێمای بۆ ئەوە کرد: لە کوشتارگەی کەلار ١ بەڕاد هەیە، بەڵام گەورەیە و کافیە بۆ ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لۆد هەبێت بەتایبەت لە بۆنەکاندا بە بەڵێندەری کوشتارگەکە دەڵێن کە بەڕادی دیکەمان بۆ دابین بکات و دابینی کردوە.
لە بەرامبەردا، سامان محەمەد سەعید، بەڵێندەری کوشتارگەی کەلار دەڵێت: بەڕادمان هەیە بەشی سنورەکەش ئەکات گرفتی نیە، ئەگەر لۆدیشمان لەسەر بێت دانەیەکی کەممان هەیە دەیخەینە کارەوە، چونکە رۆژانە سەر بڕین لەلای ئێمە لە ٧٠٪ تێپەڕناکات، مانگانەش کرێی ٢٢ کرێکاری لەسەرە.
«لە کوشتارگەی کەلار گۆشتەکان بە بەڕاد دەگوازرێتەوە و بەر زەوی ناکەوێت و ئەو کێشەیەمان چارەسەر کردوە، بەڵام لە کوشتارگەکانی دیکە گۆشتفرۆشەکان خۆیان گۆشتەکانیان دەبەنەوە، ئەگەرچی پلانی ئەوەمان هەیە ئەوانەش بکەین بە بەڕاد، بەڵام بەهۆی ئەوەی زیاتر لەسەر هاوڵاتیان ئەکەوێت و ئەو دۆخەی کە هەیە لە هەرێم جارێک رامان گرتوە، ئەگەرنا رەزامەندی بەڵێندەر و شارەوانیەکانیشمان هەیە بۆ ئەو مەبەستە». د. عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان وای وت.

## ٥. پزیشکی ڤێتەرنەری پشکنین بۆ ئاژەڵەکان دەکات

لە نێو کوشتارگەکانی گەرمیان پزیشکی ڤێتەرنەری بونی هەیە، بەجۆرێک پێش سەربڕین و دوای سەربڕینی ئاژەڵەکان پشکنینیان بۆ دەکرێت، هەر ئاژەڵێک گونجاو نەبێت بۆ سەربڕین رەتی دەکەنەوە.

کۆچەر تۆفیق محەمەد، خاوەنی دوکانی گشت فرۆشی ئالان لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: ئاژەڵەکانمان لە کوشتارگە سەر دەبڕین و پزیشکی ڤێتەرنەری تێدایە و پشکنین بۆ گۆشتەکە دەکات، دواتر مۆری لێ ئەدات کە مۆری گوشت فرۆشەکان جیاوازە لە هی ماڵان کە شینە، دواتر خۆمان دەیبەینەوە بۆ دوکانەکانمان.

هاوکات، عەلی والی عەلی، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی بێستون لە ناحیەی رزگاری وتی: پزیشکی ڤێتەرنەری لە کوشتارگەیە، کە ئاژەڵەکانمان سەر دەبڕین و پاکی دەکەین دواتر ئەو دێت و پشکنینی بۆ ئەکات، ئەوکات مۆری لێ ئەدات ئەگەر نەخۆش بێت ئەوە مۆری لێنادرێت و دەستی بەسەردا دەگرن و پێمان نادەنەوە.



لێپرسراوانی کوشتارگەکان لە گەرمیان جەخت لەوە دەکەنەوە لە پێش سەربڕین و دوای سەربڕینیش پشکنین بۆ ئەو ئاژەڵانە دەکرێت کە دێنە ناو کوشتارگەکان.

سۆران خەلیل، لێپرسراوی کوشتارگەی ناحیەی رزگاری دەڵێت: رێکاری ئێمە لە کوشتارگە ئەوەیە کە ئاژەڵ دێتە ناو کوشتارگە سەرەتا پشکنینی سەرەتای بۆ ئەکەین، هەر نەخۆشیەکی وەک گەنە و گەڕی پێست و هەندێک نەخۆی دیکە هەیە لەگەڵی بێت ئەوە رەتی دەکەینەوە سەرببڕدرێت، دواتر دەبردرێت بۆ سەربڕین کە هێنایانەوە دیسان پشکنین بۆ گۆشتەکەی دەکەینەوە بەتایبەت بۆ جگەر و سیەکەی.

وتیشی: خۆم پشکنین بۆ تەواوی ئەو گۆشتانە دەکەم کە دەچێتە ناو گۆشت فرۆشەکانەوە و مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە، هاوکات مۆری تایبەت بە خۆمان هەیە کە دەدرێت لە گۆشتەکە و دەدرێتەوە بە خاوەنەکەی.

هاوکات، مەریوان عەدنان محەمەد ساڵح، پاریدەدەری پزیشکی ڤێتەرنەری لە کوشتارگەی کفری باس لەوە دەکات: وەک هەر کوشتارگەیەکی دیکە لە گەرمیان رۆژانە پشکنین بۆ ئاژەڵەکان ئەکەین پێش سەربڕین و دوای سەربڕینیش کە گۆشتەکەمان بۆ دێتەوە، دوای ئەوە مۆری لێ ئەدرێت لەلایەن پزیشکی ڤێتەرنەرییەوە.

«ئەرکی ئێمە لە نێو کوشتارگە ئەوەیە پشکنین بۆ ئەو ئاژەڵانە دەکرێت کە رۆژانە دێنە نێو کوشتارگە لە پێش سەربڕین و دوای سەربڕین، تەنانەت ئاژەڵمان هەبوە پێش سەربڕین نەخۆش بوە رەتمان کردوەتەوە سەر ببڕدرێت ناردومانەتەوە بۆ وەرگرتنی چارەسەر بەتایبەت نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان لەگەڵ پێستیەکان کە هەیبوە» . فەرهاد عەبدوڵڵا، لێپرسراوی کوشتارگەی کەلار وای وت.

وتیشی: لە دوای سەربڕینیش دیسان پشکنینی بۆ ئەکەینەوە ئەگەر شتێکی نامۆ هەبێت لە گۆشتەکەیدا ئەوە رەتی دەکەینەوە و دەستی بەسەردا دەگرین و لەناوی ئەبەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر گرفتی نەبێت ئەوە مۆری دەکەین و لە رێگەی بەڕادەوە دەگوازرێتەوە بۆ دوکانی گۆشت فرۆشەکان لە دوای ٤ کاتژمێر، چونکە لەو ماوەیەی کە ئەمێنێتەوە هەر حاڵەتێکی نەخۆشی هەبێت زیاتر دەرئەکەوێت.

دۆخەکە لە ناحیەی باوەنور جیاوازترە لە کوشتارگەکانی دیکە، چونکە وەک خۆیان دەڵێن پشکنینی پێش سەربڕینیان نیە، هۆکارەکەشی دەبەستنەوە بەوەی کە شوێنی تایبەت بە مانەوەی ئاژەڵەکانیان نیە.

ئاسۆ حسێن حمەساڵح، لێپرسراوی کوشتارگەی ناحیەی باوەنور وتی: ئەرکی ئێمە ئەوەیە پشکنین کردنە بۆ ئەو ئاژەڵانەی کە لەوێ سەر ئەبڕدرێت، بەڵام ئێمە پشکنینی پێش سەربڕینمان نیە، چونکە شوێنی مانەوەی ئاژەڵی تیا نیە، بەڵام بەیانیان لە کاتژمێر ٤ی بەیانی گۆشتفرۆشەکان خۆیان دێن و ئاژەڵەکان سەر ئەبڕن و دواتر لە دوای سەربڕین پشکنینی بۆ ئەکەم و ئەخرێتە بازاڕەوە.


بەهەمان شێوە، عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت: هەمو کوشتارگەمان پزیشک و یاریدەدەری پزیشکی ڤێتێرنەریی تێدایە و لە کاردان و پشکنین بۆ ئەو ئاژەڵانە دەکرێت کە لەوێ سەرئەبڕدرێن چ هی دوکانی گۆشت فرۆشەکان بێت یاخود هی ماڵان بێت.

## ٦. پشکنینەکان لە ڕێگەی چاوەوەیە

پشـکنین کردنی ئەو ئاژەڵانەی لە کوشتارگەکان دەکرێت لەلایەن پزیشکانی ڤێتەرنەرییەوە تەنها لە ڕێگەی چاو و دەستلێدانەوەیە، وەک خۆیان دەڵێن تاقیگەی تایبەتیان نیە بۆ ئەنجامدانی پشکنین.
فەرهـاد عەبدوڵـڵا، لێپرسـراوی کوشـتارگەی کـەلار هێمـای بۆ ئەوەکرد: پشـکنیەکان لە ڕێگەی چاوەوە زیاتر ئەنجام ئەدرێت و تاقیگەمـان نیە، هەر حاڵەتێکی گوماناوی و جیاوازیش بێت ئەوە ئاراسـتەی ڤێتەرنەری گەرمیانی دەکەین کـە لە ڕێگەی تاقیگەی تایبەتەوە پشـکنینی بۆ دەکەن، ئەگەرچی تاوەکو ئێستا حاڵەتی لەوشێوەیە ڕووبەڕومان نەبوەتەوە.
بە وتەی مەریوان عەدنان محەمەد سـاڵح، پاریدەدەری پزیشـکی ڤێتەرنەری لە کوشـتارگەی کفری، دۆخەکە لای ئەوانیش هەروایە و پشکنینەکانیان بە دەستلێدان و چاوە.
نەک لە قەزاکان، لەناحیەکانیش بەهەمانشێوەیە.
سـۆران خەلیل، لێپرسراوی کوشتارگەی ناحیەی ڕزگاری دەڵێت: «هـەر بە چاو پشـکنین دەکەیـن و تاقیگەی تایبەتمـان نیە بۆ حاڵەتێک ئەگەر هەبێت و پشکنینی بۆ بکەین».
لەبارەی ئەوەی چۆن گۆشـت و ئاژەڵی خراپ دەناسـنەوە ئەگەر تاقیگە نەبێت، ئاسـۆ حسێن حمەسـاڵح، لێپرسراوی کوشتارگەی ناحیەی باوەنور وتی: بەپێی ئەزمونی خۆمان دەزانین نەخۆشیەکان چیـن بەپێی ئەو خولانەی بینیومانە، گۆشـتەکەی زەردیەتی یان جـاری واهەیە سـەیارە لێی داوە بە هـەر جۆرێک لە جۆرەکان بۆ خواردن نەشێت ڕەت ئەکرێتەوە.
لایخۆشـیەوە، د.عوسـمان مسـتەفا، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنـەری گەرمیـان دەڵێـت: پشـکنیەکان لـە ڕێگـەی چاو و دەستەوە دەکرێت و تاقیگەمان نیە، لە هەمان کاتدا ئەگەر ئاژەڵێک پزیشـکەکە سـەری لێدەرنەکات پرس و ڕا بە پزیشکەکانی دیکە ئەکات ئەگەرچی تاوەکو ئێسـتا تەنها ١ حاڵەتی لەوشـێوەیەمان هەبـوە ئەویش لە ناحیەی ڕزگاری بوە دوای ٣ سـاڵ کە توشـی زەردویی ببو، داویەتی بە خۆمان  و بڕیارمان لێداوە.

## ٧. گرفتی تێکەڵکردنی گۆشت لە کوشتارگەی کەلار

بەپێی وتەی هەندێک لە گۆشت فرۆشان لە نێو کوشتارگەی کەلار گۆشتەکان تێکەڵ دەبن، ئەمەش بوە بە کێشە بۆیان، لێپرسراوی هۆبەی کوشتارگەکان و تەندروستی گشتی لە ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت: لە ئێستادا ئەو گرفتە نەماوە.
هیوا محەمەد وەلی، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی سەید خالد لە قـەزای کەلار هێمای بۆ ئەوەکرد: هەندێکجار ئاژەڵەکانمان تێکەڵ دەبێت لەگەڵ گۆشـت فرۆشـەکانی دیکە ئەمە یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانمان.
باسـی لەوەشـکرد: لایەنـەکان بەڵێنی ئەوەیـان پێداوین کە ئەم گرفتــە چارە بکەن بەڵام تاوەکو ئێسـتا نەتوانـراوە چارە بکرێت و دوبـارە دەبێتەوە، بەتایبەت کە گۆشـتەکە بـە خاوێنی بۆمان نایەتەوە.
سـامان حەسەن ساڵح، خاوەنی دوکانی گۆشت فرۆشی سامان لە قـەزای کەلار وتـی: هاوڕێی وامان هەبوە ئاژەڵی بردوەتەوە ئەوێ کە ٤٠ کیلۆ گۆشـتی سـافی هەبێت کە هاتوەتەوە ٢٠ کیلۆ بوە، بۆیە ماڵەکانمان لەوێ هیچ زەمانەتێکی نیە.
دەشڵێت: ناچاربوین بۆ پاراستنی ماڵەکانمان بۆ خۆمان کەسێکمان گرتـوە بە کرێ لە خانەکان مانگانە ٣٥ هەزار دیناری پێدەدەین، چونکە ئاژەڵێکمان ببرێت کەس نازانێت چۆن بوە و چی کراوە.
لـە بەرامبـەردا، د. دلێـر محەمـەد ئەمیـن، لێپرسـراوی هۆبەی کوشـتارگەکان و تەندروستی گشتی لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیـان دەڵێـت: لـە ماوەکانی پێشـوتر ئەم گرفتەمـان هەبو گۆشتفرۆشـان بەردەوام سـکاڵایان هەبو لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام لە ئێستادا ئەو گرفتە نەماوە بەپێی ئەوەی سکاڵامان بۆ نایەت.



## ٨. سەربڕینی ئاژەڵ بە قاچاخ

ئەحمەد عەباس محەمەد، بەڵێندەری کوشتارگەی کفری باس لەوە دەکات: لە ئێستادا کەس ئاژەڵ ناهێنێتە گوشتارگە سەری ببڕن، بەڵکو لە دەرەوە بە نایاسایی سەری دەبڕن، بە جۆرێک رۆژانە ١٠ سەر ئەگەر لە کوشتارگەمان سەر ببڕدرێت، کەچی لە دەرەوە رۆژانە ٥٠ سەر سەر ئەبڕدرێت، بە جۆرێک خان هەیە لە قەزاکە لەوێ شوێنی تێدا کراوە و ئاژەڵی تێدا سەر ئەبڕدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار بە داواکاری لایەنەکانم ئاگادار کردوەتەوە هیچیان نەکردوە.

جەختی لەوەشکردەوە: مۆر تەزویر کراوە، بە جۆرێک لە ٧ی بەیانی پزیشکی ڤێتەرنەری دێتە کوشتارگە بۆ پشکنین، کەچی سەعات شەشی بەیانی گۆشت هەڵواسراوە بە مۆرەوە لە دوکانەکان و چێشتخانەکاندا، ئەگەر وانەبێت ئەو مۆرەیان لە کوێ هێناوە.

باسی لەوەشکرد: لە کفری شوێنێک هەیە پێی ئەڵێن ئەوبەری کە ئەم شوێنە زێرابی نیە، بەڵکو ئاوی زێرابی ماڵان لە چەمێکا کۆ ئەبێتەوە، هەندێک کەس غەتاسیان تێخستوە و ئاژەڵ سەر ئەبڕن و گۆشتەکەی پێ ئەشۆرنەوە، لە کاتێکدا ئەم شوێنە سەگ و شتی تیایە، کەچی تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت و چەندین جار بە لیژنەکان و ڤێتەرنەریشم وتوە لە قەزاکەدا.

لە بەرامبەردا، د. عیماد عەزیز، لێپرسراوی هۆبەی ڤێتەرنەری کفری، وتی: ئەو بابەتەی کە دەوترێت لە دەرەوەی کوشتارگەکان ئاژەڵ بە قاچاخ سەر دەبڕدرێت دورە لە راستیەوە، چونکە لیژنەی ڤێتەرنەریمان لەگەڵ لیژنەی ئەمنی بەبەردەوامی سەردانی شوێنەکان دەکەن، ئەوەی هەیە هاوڵاتیان خۆیان سەری دەبڕن و دەیبینەوە ماڵەکانی خۆیان ناچێتە بازاڕ و ساخ بکرێتەوە، ئەو کاتانەشی کە پێمان دەوترێت گۆشتی بێمۆر یان قاچاخ ساخ ئەکرێتەوە ئەوە لیژنەکانمان سەردان دەکەن، ئەوانەشی کە سەر بڕن ناویان لەلامان تۆمارکراوە و مۆریان هەیە.

وتیشی: سەربڕین لە دەرەوەی کوشتارگەکان ناتوانرێت بنەبڕبکرێت، چونکە هاوڵاتی ئاسایی ئەو کارە ئەنجام ئەدەن و تاوەکو ئێستا ئەو رێنماییەیان وەرنەگرتوە کە زیانی هەیە بۆیان و ٢٠٠ جۆر نەخۆشی هەیە کە لە رێگەی ئاژەڵ و گۆشتی سورەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لەبارەی گەڕەکی ئەو بەریشەوە راستە خانی ئاژەڵی تیایە، بەڵام لیژنەمان سەردانی کردوە و بەهیچ شێوەیەک شتی وانەبوە کە باس دەکرێت، بەڵکو دەگمەنە ئەگەر کەسێک داوای بکات و بیباتەوە ماڵەوە، ئەوانەشی کە لەوێن بەڵێننامەیان پێ پڕکراوەتەوە کە ئەو کارە نەکەن، ئەوەشی کە شوێنی سەربڕینی هەبوە لەلایەن لیژنەکەمانەوە پێداویستیەکانی دەستی بەسەردا گیراوە، ئەمەش پێش چەند ساڵێک بوە و ئێستا نیە، بۆیە ئەو حاڵەتانە هەیە بەڵام تاوەکو ئێستا نەبوە بە دیاردە.

ئاماری ئەو بڕە گۆشتەی لە ماوەی ٣ ساڵدا بەهۆی دەرنەچون لە پشکنینەوە دەستی بەسەردا گیراوە

| ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | ٩ مانگی ٢٠٢٣ |
|---|---|---|
| ٣٨٦٥ کیلۆگرام | ٢٠٦٧ کیلۆگرام | ٢٦٣٠ کیلۆگرام |

## ٩. ئەو بڕە گۆشتانەی دەستیان بەسەردا دەگیرێت چیان لێدەکرێت؟

فەرهاد عەبدوڵڵا، لێپرسراوی کوشتارگەی کەلار هێمای بۆ ئەوەکرد: هەر گۆشتێک لەژێر پشکنینی ئێمە دەرنەچێت و تەندروست نەبێت بۆ بەکارهێنان ئەوە دەستی بەسەردا دەگرین و دەیخەینە ناو مەحرەقەی تایبەتەوە و دەیسوتێنین و لە ناوی دەبەین.

هاوکات، د. عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت: لە کوشتارگەکان شوێنێکی بچوکمان دروستکردوە وەک مەحرەقەیەکە بۆ لەناوبردنی ئەو پارچانەی کەشیاو نیە بۆ بەکارهێنان و نەخۆشن کە پێویستە بسوتێنرێت و لەناوببرێت.

باسی لەوەشکرد: ئەوبەشەشی کە بەکەڵک نایەت ئەرکی شارەوانیە و لەناوی دەبات و دەیخاتە ژێرخاکەوە.

## ١٠. هەندێک لە کوشتارگەکان لە ڕێگەی موزایەدەوە دراون بە کرێ

«کوشتارگەکەم بە تەندەرین وەرگرتوە و ساڵانەش ٣ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار دەدەم بە شارەوانی، ساڵانی پێشتریش باجی نەبو ئێستا باجیشی هاتوەتە سەر، نەڕۆشتوم بە دەمیەوە بزانم چەندە، ئەمەش ئەرکی دروست کردوە، چونکە خەڵک ئاژەڵ ناهێنێت لە کوشتارگە سەری ببڕێت و لە دەرەوە بە نایاسایی سەری دەبڕن، بۆ ئەمەش چەندین جار لایەنەکانم ئاگادار کردوەتەوە هیچ نەکراوە بۆم». ئەحمەد عەباس محەمەد، بەڵێندەری کوشتارگەی کفری وای وت.

عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی کفری، دەڵێت: کوشتارگەی قەزاکە بە موزایدە داومانە بەکرێ بەپێی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١، کە ساڵانەکەی زیاترە لە ٣ ملیۆن دینار.

وتیشی: بەپێی ئەو گرێبەستەی کە هەیە دەبێت بەڵێندەر پابەندبێت بە پاکوخاوێنی کوشتارگەکە و دابینکردنی ئامێری ئاڵوگۆڕکردنی هەواو و دابینکردنی ئاو و کارەبا و فرێدانی پاشماوەکانی ئەو ئاژەڵانەی کە هەیە ئەمەش لە ڕێگەی شارەوانیەوەیە.

هێمای بۆئەوەشکرد: ئەم کوشتارگەیەش لە ساڵەکانی هەشتاکان دروستکراوە لەسەردەمی حکومەتی عێراق، بۆ جارێکیش لەلایەن حکومەتی هەرێم نۆژەن کراوەتەوە، خۆشمان لە ساڵی ٢٠٢٠ نۆژەنمان کردوەتەوە لە روی بیناوە، ئەم کوشتارگەیەش هاوچەرخ نیە.

هاوکات، سامان محەمەد سەعید، بەڵێندەری کوشتارگەی کەلار دەڵێت: کوشتارگەی کەلار لە ڕێگەی موزایەدەوە وەرم گرتوە و ساڵانەش زیاتر لە ١ ملیۆن دینار وەک کرێ دەدەم بە شارەوانی، نرخەکەش بۆیە بەوشێوەیە نۆژەنکردنەوەی تەواوم لە کوشتارگەکەدا کردوە.

لە وەڵامدا، ئەکرەم ساڵەح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کەلار باس لەوە دەکات: کوشتارگەی کەلار کە هەر جارەو دەدرێت بە کرێ کۆمەڵێک کەموکورتی تێدایە کە دەدرێت بە کەسێک ئەوە کەموکورتیەکانی لەسەر دەبێت کە چاکی بکات، لەژێر سەرپەرشتی ڤێتەرنەری گەرمیان کە دیاری دەکات، بۆ نمونە ئەمساڵ گرفتی بەڕادی هەیە ئەمە بۆ کاتی موزایدەکە کاری لەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت.

«ساڵانە ٣٠ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار دینار دەدەم بە شارەوانی و لە ڕێگەی موزایەدەوە ئەم کوشتارگەیەمان وەرگرتوە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک کێشە و گرفتمان هەیە، یەکێک لەوانە کاتی خۆی کە موزایەدە کرا بۆ ئەم کوشتارگەیە پێمان وترا کە ڕۆژانە ١٥٠ سەر ئاژەڵ تێیدا سەر ئەبڕدرێت کە هاتینە سەر واقعەکە ڕۆژانە ٢٥ بۆ ٣٠ سەر سەر ئەبڕدرێت، ئەوەی هەیە زۆرترین ماڵانە کە ٪٨٠ـە». ئیدریس ئەمین محەمەد، بەڵێندەری کوشتارگەی ناحیەی رزگاری بە وەکالەت وای وت.

باسی لەوەشکرد: یەکێکی دیکە لە کێشەکانمان ئەوەیە ئێمە ساڵانە کرێیەک ئەدەین بە حکومەت، کەچی کۆمەڵێک خەڵک هەن لەوێ خانیان هەیە و ڕۆژانە کاری سەر برین ئەنجام ئەدەن بۆ خەڵک کە ٥ بۆ ٧ هەزار لە خەڵک وەرئەگرن شارەوانیش ٢ هەزاری بۆ من داوە، ئەمەش وایکردوە من کێشەم بۆ دروست ببێت لە دابین کردنی ئەو کرێیەی کە پێویستە مانگانە بیدەم، مانگی وا هەیە ١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کورتهێنانم هەیە.

جەختی لەوەشکردەوە: بۆ ماوەی ٦ مانگە سەرقاڵی ئەم کێشەیەین سەردانی لایەنەکانمان کردوە چ لە شارەوانی چ لە بەڕێوبەری ناحیە چ لە ڤێتەرنەری چ لە ئیدارەی گەرمیان تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە ئەو گرفتە چارەسەر بکەن، بۆیە پلانی ئەوەمان هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست لە ئیشەکە هەڵگرین.

باسی لەوەشکرد: شکاتمان لێکراوە لەلای مەڵبەند، ڤێتەرنەری گەرمیان پێمان ئەڵێت نابێت ئەم کەسانە دەربکرێن، بەهۆی ئەوەی دەنگ بەو حزبە ئەدەن، لە کاتێکدا ئێمە بە رێکاری ئیداری و یاسایی ئەو کوشتارگەیەمان وەرگرتوە و هەر یەک یاساشمان هەیە، کەچی پێمان ئەڵێن کەلار جیاوازە لە ناحیەی رزگاری.

لە بەرامبەردا، کۆمار محەمەد عەلی، لێپرسراوی هۆبەی ڤێتەرنەری رزگاری، باس لەوە دەکات: بەکرێدانی کوشتارگە هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نیە و پرسیشمان پێناکەن، ئەوەی هەیە لایەنی تەندروستی ئەو گۆشتەیە کە دەخرێتە بازاڕەوە، بۆیە بۆ خۆیان پلانی ئەوەیان هەیە حکومەت لێیان وەربگرێتەوە، چونکە ئێمە داوای کۆمەڵێک شتمان کرد بۆیان جێبەجێ نەکردین بەهۆی ئەوەی زۆریان لەسەر ئەکەوێت، ئەوانیش بابەتی مۆلیدە و بابەتی فێنکەرەوە و پاک راگرتنی شوێنەکە.

هاوکات، د. دلێر محەمەد ئەمین، لێپرسراوی هۆبەی کوشتارگەکان و تەندروستی گشتی لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت: کوشتارگەکان لەلای شارەوانیە و ئەو مەرجانەی ئێمە داوای دەکەین ناتوانن جێبەجێی بکەن، بۆنمونە ئەوەی ناحیەی رزگاری لەگەڵ شارەوانی کۆبوینەتەوە و لە کۆبونەوە داوامان کردوە ئەو کەسەی لەوێیە شوێنەکە نۆژەن بکاتەوە و لە بەرامبەر سەربڕینی ئاژەڵی بچوک و لە ١٥٠٠ دینارەوە بکات بە ٢ هەزار دینار و وەری بگرێت، کەچی نرخەکە زیاد کرا کوشتارگەکەش هەر وەک خۆیەتی و بگرە خراپتریشبوە، بۆیە ئەمە کێشەیە بۆ ئێمە.

ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاری لەبارەی شێوزای پێدانی کوشتارگەی ناحیەکە لە ڕێگەی موزایەدەوە هێمای بۆ ئەوەکرد: ڕێکخستنەوەی کوشتارگەی ناحیەی رزگاری لەلای ئێمە نیە، بەڵکو لەلای بەڕێوبەری ناحیە و ڤێتەرنەرییە، ئەرکی ئێمە تەنها پێدانی بیناکەیە بە کرێ، دواتر ئەرکی سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستنەوەی لەلای ئێمە نیە.

«کوشتارگەی کەلار لە ڕێگەی موزایەدەی ئاشکراوە دەدرێت بە کرێ، بەجۆرێک ساڵانە بە ١ ملیۆن و ٣٥٠ هەزار دینار داومانە بەکرێ و لە مانگی ١ی ساڵی داهاتو گرێبەستەکەی تەواو دەبێت، هاوکات ئەو برە پارەیەشی کە وەک کرێ پێی دراوە دەگەڕێتەوە بۆ شارەوانی». ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار وای وت.

لە بەرامبەردا، د. عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت: شارەوانی کوشتارگەکان دەدات بە کرێ داهاتەکەی بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، ئەرکی نۆژەنکردنەوەشی لەسەر ئەوانە، بەڵام بە هاوبەشی ڤێتەرنەری.

## ١١. ناحیەی مەیدان بێ کوشتارگەیە

بەڕێوبەری ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت، بەهۆی بەرفراوانی ناوچەکە ناحیەی مەیدان پێویستی بە کوشتارگەیەک هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵماندا‌وە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، بەڵام تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە چارەسەری بکەین.
د. عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان وتی: لە ناحیەی مەیدان بەتایبەت ژاڵەناو گرفتی چاودێریکردنی گۆشتفرۆشەکانمان هەیە لە روی سەربڕینی ئاژەڵەکانیان، بۆ ماوەی ٣ ساڵە و چەندین جار داوامان لە ڤێتەرنەری دەربەندیخان کردوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەشتوینەتە چارەسەر.
وتیشی: بۆیە پێویستمان بە کوشتارگەیەکی دیکە هەیە لە ناحیەی مەیدان.

## ١٢. کوشتارگەیەکی مۆدێرن لە گەرمیان دروست دەکرێت

بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان رایدەگەیەنێت: کوشتارگەیەکی مۆدێرن بە کۆی پێداویستیەکانیەوە لە گەرمیان دروست دەکرێت لە سەر روبەری زیاتر لە ١٠٠ دۆنم و لە رێکاری وەرگرتنی مۆڵەتدایە.
هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: لە پلانماندایە کوشتارگەیەکی مودێرن لە سنوری گەرمیان دروست بکرێت لە رێگەی وەبەرهێنانەوە بە کۆی پێداویستیەکانی کوشتارگەوە، بۆ ئەو مەبەستەش داواکارییەک هاتوە و لە رێکاری وەرگرتنی مۆڵەتدایە و نوسراومان کردوە بۆ وەرگرتنی رای لایەنە پەیوەندیدارەکان.
وتیشی: ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی بەرفراوان دەبێت و لە سنوری گەرمیانیش دەبێت تەنها یەک کوشتارگە هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵیشی تێدا دەبێت.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: زەوی بۆ پێشنیارکراوە کە نوسراومان ئاراستەی کشتوکاڵی گەرمیان و ڤێتەرنەری گەرمیان کردوە پێانوایە لە ناحیەی رزگاری بێت کە سەنتەری گەرمیان بۆ ئەو کوشتارگەیە و بڕیارە لەسەر وربەری زیاتر لە ١٠٠ دۆنم زەوی دروست بکرێت.
«پلان هەیە کوشتارگەیەکی مۆدێرن لە گەرمیان دروستبکرێت لە رێگەی وەبەرهێنانەوە و جارێک کۆمپانیا وەری نەگرتوە، ئەم کوشتارگەیەش کارگەی لەگەڵ دەبێت بۆ بەرهەمهێنان و چارەسەرکردنی بەشەکانی تری ئاژەڵ وەک پێستە و ریخۆڵە و سەروپێی کە دواتر دەخرێتە بازاڕەوە». د. عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان وا دەڵێت.
هاوکات، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کەلار جەختی لەوە کردەوە لە پلاندایە کوشتارگەیەکی مودێرن لە سنوری گەرمیان دروست بکرێت لە رێگەی وەبەرهێنانەوە.



# بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجامەکان

١. لە سنووری ئیدارەی گەرمیان دا ٤ کوشتارگەی فەرمیی هەن، کوشتارگەکان سەرجەمیان حکومیین و ساڵانە بەکرێی دیارییکراو لە ڕێگەی زیادکردنەوە دەدرێن بە بەڵێندەر. وەکو بینا و موڵک سەر بە شارەوانی و ئیدارەی قەزاکانن، بەڵام وەکو لایەنی چاودێریی زۆرتر بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری بەوکارە هەڵدەستێت.

٢. ٩٨ دوکانی گۆشتفرۆشیی لە سنوورەکەدا هەن، سەرجەمیان ناچاکراون کە لە کوشتارگەکان دا ئاژەڵەکانیان سەرببڕن، بۆ ئەم مەبەستەش پارەیەک وەردەگیرێت کە بەپێی ناوچەکان بڕی ئەو پارەیە جیاوازە، لە کەلار بۆ ئاژەڵی بچووک (٦) هەزار و بۆ ئاژەڵی گەورەش (٣٠) هەزار وەردەگیرێت. لە کفری بۆ ئاژەڵی بچووک (٢) هەزار و بۆ ئاژەڵی گەورەش (٥) هەزار وەردەگیرێت. لە ناحیەی رزگاریی بۆ ئاژەڵی بچووک (١ بۆ ٢) هەزار و بۆ ئاژەڵی گەورەش (٥) هەزار وەردەگیرێت و هەرچی ناحیەی باوەنوریشە بۆ ئاژەڵی بچووک (٢) هەزار و بۆ ئاژەڵی گەورەش (٦) هەزار وەردەگیرێت. ئەم نرخانەش لە ڕێگەی لیژنەی خەملاندنەوە لە ئیدارەی گەرمیان یەکلاکراوەتەوە.

٣. کوشتارگەکان کێشەی زۆریان هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی بیناوە، لەنێو چوار کوشتارگەکە ئەوەی کەلار لە سیانەکەی دیکە باشترە، بەڵام بەوەی کەلاریشەوە هیچیان بەپێی ستانداردی جیهانی نین. بەوتەی بەڕێوەبەری ڤێتەرنەری گەرمیان، کوشتارگەکانی کفری و باوەنور و رزگاری «تەنها هۆڵێکە و ناونراوە کوشتارگە».

٤. سیستەمی کارکردنی کوشتارگەکان تەقلیدییە، جگە لەوەی کەلار، هیچکام لە کوشتارگەکانی تر ساردکەرەوە «بەراد»یان نییە بۆ هەڵگرتنی گۆشت و گواستنەوەی بۆ دوکانەکانی گۆشتفرۆشتن.

٥. بەوتەی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان، هەموو کوشتارگەکان لە ڕووی بینا و تەندروستیەوە خراپن و کەمترین مەرجی تەندروستی تیایە.

٦. گۆشتفرۆشەکان بەتایبەت ئەوانەی کەلار، نیگەرانن لەوەی لە کوشتارگەکەدا جگە لە گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی دەیانهێنن بۆ سەربڕین، بەش و پاشماوەکانی تریان پێنادرێت و گلەدرێتەوە، بەرپرسانی کوشتارگە و حکومەتیش جەخت لەوەدەکەنەوە ئەوە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان دیاریی کراوە، بەتایبەتی هەندێک بەشی ئاژەڵ وەکو ڕیخۆڵە، مەترسی گواستنەوەی نەخۆشیی هەیە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی چارەسەر نەکرێت.

٧. لەهەموو کوشتارگەکاندا پزیشک و ستافی تەندروستی ئاژەڵ هەیە بۆ پشکنین و پێش سەربڕین و پاش سەربڕین پشکنین بۆ گۆشت و ئاژەڵەکە دەکەن، جگە لە کوشتارگەی باوەنور کە پێش سەربڕین پشکنین بۆ ئاژەڵەکە ناکرێت.

٨. ئەو پشکنینەی بۆ ئاژەڵ و گۆشتەکەی دەکرێت، تەنها پشکنینە بە دەستلێدان و تەماشاکردن، واتا بە تێستی زانستی و پشکنینی لە تاقیگەدا نییە، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت: ئەگەر ئاژەڵێک پزیشکەکە سەری لێدەرنەکات پرس و ڕا بە پزیشکەکانی دیکە ئەکات.

٩. سەرباری بوونی کوشتارگە، بەڵام گۆشتفرۆشەکان باس لەوەدەکەن کە ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ لە دەرەوەی کوشتارگەکان سەردەبڕدرێن، بەڵام بەرپرسانی حکومی ئاماژە بەوەدەکەن ئەو حاڵەتە زۆر کەمن و زیاتریش بۆ ماڵانە و گۆشتی ئەو ئاژەڵانە نافرۆشرێن.

١٠. لە سنووری ناحیەی مەیدان و ئەوبەری سیروان، هیچ کوشتارگەیەک بوونی نییە، ئەگەرچی بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری بوونی کوشتارگە لەو سنوورە بە پێویست دەزانێت.

## دوەم: راسپاردەکان

- بەپێی ئەو بەدواداچونەی کردومانە، کوشتارگەکانی گەرمیان هیچیان ستانداردی زانستی و تەندروستییان تێدا نییە، ئەمەش مەترسی دروست دەکات لە بڵاوبونەوەی نەخۆشی و خراپبونی خودی ئەو گۆشتەی لە کوشتارگەکانەوە بەرهەمدێت.
ئەم بابەتە بۆ تەندروستی گشتیی زۆر مەترسیدارە، بەتایبەتی لەکاتی بون و سەرهەڵدانی ئەو پەتایانەی کە لەنێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا دەگوێزرێنەوە.
گرنگە حکومەت ئەم بابەتە بەجیدیی و هەند وەربگرێت، ئەویش بەگرتنەبەری ئەم رێکارانە:
ا. دروستکردنی کوشتارگەی مۆدێرن بە پێی ستانداردی جیهانی. ئەگەر لەم دۆخە داراییەدا بۆ حکومەت قورس بێت کە ئەم کارە بکات، ئەوا دەتوانێت لەرێگەی وەبەرهێنانەوە ئەنجامی بدات.
پێویستە لە دروستکردنی ئەم کوشتارگانەدا، رەچاوی ئەوە بکرێت کە توانای کوشتارگەکان چەندن و شیاویی ئەوەیان تێدابێت بەرفراوانتر بکرێن لە داهاتودا ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە زیاتر بو.
ب. ئەو کوشتارگانەی کە هەن نۆژەنکردنەوەیان تێدابکرێت، ئەویش لە رێگەی بەکارهێنانی ئەو پارەیەی کە وەک سالانە لە بەڵێندەرەکانەوە وەردەگیرێت.

- ئەو پشکنینانەی بۆ بەرهەمی گۆشت و ئاژەڵان لە کوشتارگەکان دەکرێن، پشکنینن لەرێگەی چاو و سەیرکردنەوە، پێویست دەکات حکومەت لەمرووەوە هەنگاوی زانستی تر هەڵبێنێت و پشکنینەکانی تۆکمەتر بکات بۆ ئەوەی مەترسی و لێکەوتەی تەندروستی نەبێت.

- گۆشتفرۆشەکان بەگشتی نیگەرانن لە مامەڵەیان لەگەڵ ستافی کوشتارگەکان و تێبینییان هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەت تێبینی و سەرنجیان بەهەند وەربگرێت و کۆبونەوەی فراوانیان لەگەڵدا ئەنجام بدات. ئەمە جگە لەوەی بەهۆی هەستیاریی پیشەکەیانەوە، پێویستییان بە پێدانی زانیاریی و هۆشیاریی تەندروستی نوێ هەیە لەبارەی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە مامەڵە و بەرگرتن لەگەڵ گۆشت و ئاژەڵ.

- سەربرینی ئاژەڵ لە دەرەوەی کوشتارگەکان ئەگەر بە سنورداریش بێت، بەڵام هەر بونی هەیە، بۆیە پێویستە حکومەت و لیژنەکانی چاودێریی قەزا و ناحیەکان و لایەنە ئەمنییەکان، زیاتر چاوکراوەبن لەورووەوە، هەروەک لێپێچینەوەش لەگەڵ کەسانی سەرپێچیکاردا بکرێت.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) سالی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net